# تاوانباری سەرەکی کییە؟

## ئارینا

لەم ماوەیەی رابردەە دا هەوالی دلتەزینی خۆ سوتاندنی کچە گریلایەک زۆریک لە جەماوەری کوردستان بە هەر چوار پارچەکەیەوەی تاساند و خەمباری کردن و زۆر پرسیاری لای زۆر کەس لەوانە خۆم دروست کرد.یەکەم ئەوەیکە تاوانباری سەرەکی بۆ وەها کردەوەیەک کییە و دواتر دەستەکانی تری پشت پەردە کە ناراستەو خۆ لەم کارەساتەدا دەستیان بووە کیین؟ ئەم پرسیارانە ماوەیەکی زۆر ئازاری دام و هیندیک ئەرکی خستە سەرشانم کە بە شوین لانی کەمی پرسیارەکانی خۆم دا بچم و لە خۆم دا دلنیایی حاسل بکەم. هەر بۆیەش دەستمدایە نوسینی ئەمبابەتە کە هیوادارم نبیتە جیگای رق و قین هیچ لایەن و کەسیک چونکە ئەوە رای خۆمە سەبارەت بەم روداوە و هیچی تر.

یەکەم دەبی بزانین ئەم کچە گریلایە چۆن دەست دەداتە پاساو کردنی ئەم بریارەی خۆی هەتا بە جوانی ئامانجی خۆمان لە نوسین بزانین. لە نیوان قسەکانی ڤیان جاف دا و بە گشتی لە تەواوی کون و کەلینەکانی دا باسی ئەوە هەیە کە"بۆشەرمەزار کردنی پلانی قۆل بەست کردنی سەرۆک ئۆجەلان و فیدا کردنی خۆم لەریگای ئازادی تەواوی ژنانی ئازار کیشتوو ئەم ئەرکە بە جی دینم و لە گیانم زیاتر نیمە هەتا لە ریگای سەرۆک ئاپۆ دا فیدای بکەم".

لە تەواوی گۆی زەویدا هۆکارەکانی خۆکوژی مروڤ بە تایبەتەن ژنان دەگەریتەوە سەر بار و دۆخی شوینی ژیان و ئەو کۆمەلگایەی کە تییدا بە سەر دەبەن و ئاشکراشە کە لەم کارەساتانە دا جگە لە کۆمەلگا و دەسەلات کەس تاوانبار نین چونکە دۆخەکە وا گوشاراوی دەکەن بۆ مرۆڤەکان و خاسەتەن ژنان کە ناچار بن دەست بدەنە ئەم کردەوە دژوار و لە دل گرانە و دەش زانین کە هیچ کات ئەم مرۆڤە لە کاتی ئاسایش دا دەست ناداتە ئەم کارە . جا ئەگەر وایە هۆکاری خۆکوژییەکانمان بە گشتی ناسی و زانیمانکە دۆخی کۆمەلگا 100%100 دەخیلە بۆ ئەم کارە. بەلام لە کاتیک دا کە کەسیک بە بی ئەوەیکە لە ناو وەها کۆمەلگایەک دا بیت دەست بداتەخۆکوژی دەبیتە فایلیکی تر کە بەم جۆرەیە.

کاتیک کەمرۆڤ بە بەربەستی فیکری و یان توشی ئیفلیجی فیکری دەبیت ناتوانییە هیچ شیوەیەک لە ریگاکانی ژیان هەلبژیری خاسەتەن کە کسیک بیت هەمووریگاکان بناسی. بۆیەش ریگای خۆکوژی تەنیا ریگا دەبیت بۆ خۆ دەرباز کردن لەو قەیرانی فیکرییە و لەگەل پیش هاتنی یەکەمین هەل و دەرفەت و بیانو خۆی دەداتە دەستەوە و کار لە کار دەترازی.

جا لیرە دا بۆ ئەوکەسە گرینگ نییە کە هەلەکە چییە تەنیا قۆزینەوەیەتی کە دەبی گورج بیت و خۆی لە گەل هاوئاهەنگ بکات. زۆر کات شتی بچوکی زۆرلاواز ئەم بیانویە پیک دین و زۆر جاریش شتەکە وەک راست دەکەویتە بەر چاو بە هۆی گەورەیی بیانۆکە.

من زۆر لەمبارەیەوەقسەناکەم ئەم جار دیمە سەر تاوانبارەکان

بە گشتی تەواوی حیزب و ریکخراوەکانی حالی حازری جیهان لە ئیسلامیەکانەوە بگرە هەتا راست و چەپ و لیبرال و کۆماری خواز یەکەمین هەنگاویان بۆ کۆ کردنەوەی هیز تەرویج تەک پەرەستی یان هەمان فەرد گەرایی و سیکتاریستی حیزبییە و بۆ ئەم مەبەستە پیویستە میشکی کەسەکان بشۆردرینەوە و فایلی نویان لە سەر خەزن کەن کە بتوانن کەسیکی پاریزەری حیزب یان ریکخراوەکانیان بن و لە ئەرکەکانیان کە بۆیان دیاری دەکەن لا نەدەن و گۆی رایەل بن لە بەرانبەر فەرمانەکانیان و لە فەتواکانی سەرەوەیان پیشوازی بکەن. ئەم خالانە بە گشتی و ئیستاکە بە جوانی ئاشکرایە کە جیهانی خستۆتە مەترسییەوە و هەرەشە لە مرۆڤایەتی دەکات. هەر بۆیەش هەر جۆرە خۆ کوژییەک کە لە لایەن حیزبیەکانەوە بەریوە دەچیت. راستە و خۆ یان ناراستە و خۆ دەبیتە پروپاگەندە بۆ ئەوان و نان و بازاری ئەو

سەردەمەیان بەو کردەوەیە دابین دەکەن و هەرا و هوریای بۆ دەکەن و لە قەبالیشی دا هــەم ئوتۆریتــە بــۆ خۆیــان کــۆ دەکەنەوە و هەم کارزاریکی باش دەبیت بۆ تاوانبار کردنی کەسانی تری وەک خۆیان تاوانبار و دەخیل.

جا خۆ کوژی"ڤیان جاف" کچە گریلای "پ.ک.ک" ش زۆر لەم باسە بە دور نییە ودەتوانی لەهەمانچــوار چــیوە دا جــیگیر بیت. لە یەکەمین رۆژکانی ئەم کردەوەیەدا سەر شاشە و رۆژنامە و سایت و بە گشتی ئۆرگانــەکانی ســەر بــە "پ.ک.ک" کردیانە هەشتی پاک و نۆی پیس نەیان دەزانی کێ ئیدانە بکەن. هەلبەت تەکلیفیان لەسەر بوو بەلام سەر لی شــیواوی و کوت و پر هاتنە پێشی ئەم هەلە ناسک و لەبارە لییانی دەنواند کە بۆ خۆیان لە دۆرییــان دان بــۆ بانگەشــە بــۆ وەهــا کردەوەیەک یان ئیدانە کردنی.بەلام بە هەر جۆریک بوو هەولیاندەدا بیشارنەوە کە ئەم ماستە موی تیدایە و شــاعیرانی دەرباری و حیزبی و هەست شۆرشگیر دەهاتنە گۆ بۆ شیعر و ئەم کردەوەیان کردە ئەرکیکی نیشتمانی و مرۆڤی و حیزبی و چریوەیان سەری دەخستە سەر تەواوی کانی و کویستانەکانی کوردستان و نەشیان دەتوانی

سست بن و هرجۆریک بوو شتیکیان دەخستە ناو ساحەکەوە.

تا ئیرە زۆر باش هاتن وئیستاش کتیبی ڤیان جاف بە ناوی " مرۆڤیک لە ئیرادە  مرۆڤیک لە گرکان" لە ژیر چاپ هاتۆتە دەرەوە وپروپاگەندە هەروا دریژەی هەیە و واش وی دەچیت کەوا زوو مل نەدەن.

لە ژمارەی ئەم دواییەی رۆژی ولات دا لەباسیکی ئۆجەلاندا ئەم کروەیەی ڤیان جاف بــە هەلــە دەســت نیشــان کــراوە و وتراوە کە ئیمە بۆ ژیان خەبات دەکەین. بەلام ئایابۆ دەبی کەسانی تری خوارەوەی ئەم تەشکیلاتە ئاوا بــیر بکەنــەوە و سەرەوە تر ئاوا بیر بکاتەوە. پی دەچیت ئەم حیزبە هیشتاش ئامانجەکانی خۆی لەمەر ئەرکی مرۆڤییــان بــۆ نــاوەوەی خۆیان روون نەکردبیتەوە و تەنیا بە ئیشی لاوەکی سەرقالیان بکات. دەنادەبوو لانی کەم کەسیکی وەک ڤیان جاف کە بە وتەی خۆیان ئەندامی دەفتەر سیاسی ژنانی ئەم ریکخراوەیە بووە و لا باری سیاســی و وشــیاری وتیگەیشــتوویی لــەو ئاستە دابیت ئەم کارە نەکات. ریگای زۆر لەوە زیاتر هەبوو بۆ نارەزابەتی دەربرین بە قۆل بەست کردنی ئۆجەلان.بــەلام هەر وەک وتم لە سەرەتاوە کاریکی فراوان و پرا و پر لە سەر میشکی ئەم کەسانە دەکردریت کە دوای ئــەوان هەســت بــە نەمان بکەن. دوای ئەوەیکە خۆیان شتیکیان بۆ هاتە پیش ئەوانیش بەدوای خۆیاندا بکیشن و وەها سەرۆکەکانیان لــە لا گەورە دەکەنەوە کە وەک تەنیا جەمسەر و رزگار کەر بیتە بەر چاویان و بەس.

هەر بۆیەش لەم پیوەندییە دا من "پ.ک.ک" بە تاوانبار دەزانم و ئەوانن کە بــە فــەرد گــەرایی موتلــەق بوونەتــە هــۆی بەربەستی فیکری وەها ئکامیک بۆ ئینسانیکی گەنج کە دەیتوانی لە زۆۆر بوار دا گەشە بکات و ببیتە کەسیکی پــر بــایخ بۆ گەلەکەی و کۆمەلگاکەی. بەلام ئەم دەرفەتەیان لی هەستاند و لاوی دا هەلیان پروزاند و خۆیان خەریکن دەرامەدەکەی دەژمیرن و خەلکی پی لە دەوری خویان کۆ دەکەنەوە.

هیوادارم کە ئیتروەها شتیک دوپات نەبیتەوە و گۆرانکاری لە شیوەی بار هینانی گریلاکانی تەواوی ریکخراوەکان بکــری هەتا دوایین ڤیان جافمان بە دەستی خومان خستبیتە ژیر خاکەوە.